# "طاقە" دەست بە بەرهەمهێنانی نەوت دەکات لە کێڵگەی ئەتروشی هەرێمی کوردستانی عیراق

3حوزەیرانی 2017- ئەبوزەبی، میرنشینی یەکگرتووی عەرەبی:

کۆمپیانیای "ئەبوزەبی نیشتیمانی بۆ وزە" ش.م.ع. (طاقە)، کە یەکێکە لە کۆمپانیا ناودارەکانی بواری وزە لەسەر ئاستی جیهان و ئۆفیسی سەرەکی لە ئەبوزەبییە و خاوەنداریێتی پرۆسەی وەبەرهێنان دەکات لە زیاتر لە ١١ وڵات، رایدەگەیەنێت کە دەستی کردووە بە پرۆسەی بەرهەم هێنانی نەوت لە کێڵگەی ئەتروشی هەرێمی کوردستانی عیراق.

لە بەیاننامەیەکیدا کۆمپانیاکە رونیکردۆتەوە کە پرۆسەی هەڵێنجانی نەوت لە پاڵاوگەی موعالەجەی ناوەندی کێڵگەی ئەتروش لەبەرواری (3ی حوزەیران ) دەستیپێکردووە کە توانای بەرهەمێنان تێیدا دەگاتە 30 هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا. ئەمە جگەلەوەی کە پرۆسەی گەشەپێدانی پاڵاوتگەی ئەتروش دەستیپێکردووە کە کۆمپانیای "طاقە" ئەنجامیدەدات ئەمەش بەهاوبەشی لەگەڵ هەریەک لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیاکانی شاماران و ماراثون.

لەبارەی دواین گۆڕانکاری و بەرەوپێشچونەکانی ئەو بوارەش، سەعید هاجەری، سەرۆکی ئەنجومەنی بەرێوەبردنی کۆمپانیای ئەبوزەبی نیشتیمانی بۆ وزە "طاقە" رایگەیاند: "دەستێکردنی پرۆسەکانی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی ئەتروش دەستکەوتێکی گرنگە بۆ ئێمەو هاوبەشەکانمان و بۆ هەرێمی کوردستانی عیراقیش. کێڵگەی ئەتروش بۆ مەودایەکی دوور سوودی نەختینەییمان بۆ بەدەست دێنێ، ئێمە بەوردی ئاگاداری پەیوەست بوون بە بەهاو پێوانەکانی سەلامەتی و تەندروستی

دەبین لە کارکردن لەو کێڵگەیەدا بەشێوەیەک کە زمانەتی پاراستنی ژینگە بکەین."

لەلای خۆشیەوە سەعید ئەلزاهری، سەرۆکی جێبەجێکاری پرۆسەکانی ئینابە لە کۆمپانیای "طاقە" وتی: "ئەم دەستکەوتە بە واتای جەختکردنەوە لە ئەزمونەکانی کۆمپانیای طاقە و تواناکانمان دێت لە گەشەپێدان و خستنەگەڕی پرۆژەکانی نەوت و گازی قورس ئەمەش بە پشتبەستن بە ئەزمونە جیهانییەکانمان."

لەلایەکی تریشەوە عەبدولخالق ئەلعامری، بەڕێوەبەری پرۆژەی "طاقە العراق" وتی: "ئێمە لە کۆمپانیای طاقە ئێستا لەبەردەم بەرەوپێشچونێکی ناوازەداین کە تیمێک لە فەرمانبەران و کرێکارانی کۆمپانیاکە بەدەستیانهێناوە، ئەو تیمە لە کۆمەڵێک کادری ئیماراتی و جیهانی و کوردی پێکهاتبوون کە هەریەکێکیان ئەزموون و زانیاری باشیان هەبوو لەسەر مستەوای جیهانی و هەر بەهۆی هەوڵەکانی ئەوانیشەوە بوو کە توانیمان بگەینە ئەم دەستکەوتە درەوشاوەیە."

جێی ئاماژەیە کە کێڵگەی ئەتروش دەکەوێتە 85 کیلۆمەتر باکوری هەولێر و بەیەکێک ل گەورەترین کێڵگە نەوتیە نوێیەکانی هەرێمی کوردستان دادەنرێت. ئەو کێڵگەیە ساڵی ٢٠١١ دۆزراوەتەوەو لە ساڵی ٢٠١٣شدا دەستکراوە بە پرۆسەی بەرەوپێشبردنی کێڵگەکە. پێشبینیشدەکرێت بەرهەمهێنانی چاوەڕوانکراو لە کێڵگەکەدا بگاتە 30 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە ساڵی ٢٠١٧.

کۆمپانیای "ئەبوزەبی نیشتیمانی بۆ وزە" (طاقە) بە لایەنی وەگەڕخەری کێڵگەی "ئەتروش" دادەنرێت کە خاوەنی پشکی کارکردنە بە رێژەی 39.9% لە گرێبەستی بوونی بەش لە بەر هەمهێناندا. پشکەکانی دیکەی کێڵگەکەش لەنێوان هەر یەک لە هەرێمی کوردستان بەرێژەی 25%، و "جەنراڵ ئێکسپلۆریشن پارتنزر" (خاوەنداری گشتی کۆمپانیای "شاماران پترۆلیۆم گروپ") بەڕێژەی 20.1%، و پشکێکیش بە رێژەی 15% بۆ کۆمپانیای "ماراثون ئۆیەڵ کەی. دی. ڤی بی. ڤی.".

-کۆتایی-